# کورد لە تۆپی پێشدا هەر تێهەڵدراوەو هیچکارەیە!

**خەتاب سابیر**
**نۆڤەمبەری 2007**

هەندێ رووداو هەن، سەرنجی مرۆڤ بە وردیی رادەکێشن و تووشی رامانێکی قووڵی دەکەن، هەموو رۆژێ نکۆڵیی لەکوردبوونی خۆت بکەیت، ئینتەرناسیۆنالیست و هیومانیست و لیبراڵ و رۆشنبیر و مێشک کراوە ومۆدێرن و ... تاد بیت.. هەمووی بەجێی خۆی، بەڵام کوردبوون وەک باکگراوندێکی ئەسنیکیی لە کۆڵت نابێتەوە، یان لە باشترین دۆخدا رێگەت پێدەگرێتەوەو قولایی ویژدانت ئازار دەدات. ئەم رووداوەش ناخی منی ئازار داو دڵنیاشم ناخی زۆرتان داخ دەکات.

لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ئەمساڵدا، تیپی لاوانی عێراق ( تۆپی پێ ) هاتن بۆ ئوسترالیا بۆ یارییکردن لە گەڵ بەرامبەرە ئوسترالیاکەیاندا. یارییەکە لەدەرەوەی شاری سیدنی بوو، کاتژمێر و نیوێک بە ئۆتۆمبیل لە سیدنییەوە دوورە. بەسەدان عەرەبی عێراقیی ( بەشیعەو بەسوننەوە ) لە تەواوی شارەکانی ئوستوالیاوەو بەتایبەت لە سیدنییەوە بە ئالای عێراق و سێ ئەستێرەو ئەڵاهوئەکبەرەکەوە ، بۆ پاڵپشتییکردنی تیپە عێراقییەکە، خۆیان گەیاندبووە شوێنی یارییەکە.

هاوکات دەیان گەنجی کوردیش بە ئاڵای کوردستانەوە خۆیان دەگەیەننە هەمان شوێن، بە ئومێدی ئەوەی لەگەڵ گوڵکردنی عێراقییەکاندا ئەمانیش ئاڵای کوردستان رابوەشێنن و داخی بێدەوڵەتیی و بێ ئایدێنیتیی و بێکەسیی نەتەوەیەکی گەورە لەرێی کامێراکان و میدیاکانەوە بە جیهاندا تەخشان بکەن. بەڵام لە دیمۆکراسیترین وڵاتی دنیادا، ئەم خەونە گورگانەیەیان نایاتە دی، هەندێکیان لە داخی هیچکارەیی و بێدەسەڵاتیی سەرکردە کوردەکان بە کزیی و داماویی دەگەڕێنەوە.

بەندە سەرەڕای ئەوەی تا سەر ئێسقان دژی سروودێکی بێبەهرەو قێزەون و دواکەوتووی وەک ئەی رەقیبە، بەڵام ئاڵای کوردستان، شتێکی ترە، هەرچەندە لە راستییدا دەکرێ بەس بڵێین ئاڵای کوردە، چونکە کوردستانی هەر پارچەیەک بگری ، کۆمەڵێ نەتەوەو ئەسنیک و مەزهەبی جیاوازی تێدا دەژیی و ئەم ئاڵایەی کە پێی دەگوترێ ئاڵای کوردستان ، نوێنەرایەتیی ئەوان ناکات و ئەمەش بۆ گەلێکی وەک کورد کە قوربانیی دەستی کۆڵۆنیالیزم و داگیرکاریی و جینۆسایدە، ناتەباو نەگونجاوە.

بە پێچەوانەی ئەی رەقیبەوە، ئاڵای کوردستان بووەتە سیمبۆڵێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی، نەک لەبەر قەشقۆڵیی و جوانیی رەنگوڕووەکەی، یان مێژووە سیاسیی و باکگراوندە مۆراڵییەکەی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لەرووی سوسیۆسیاسییەوە گەلێکی بێچارەی وەک کورد کە بەژمارە بە نزیکەی 45 میلیۆن مرۆڤ دەقەبڵێنرێ، دەیەوێ لە رێی ئاڵایەکەوە کە کاریزمایی و قوربانییدانیشی لەپشتەوەیە، نووزەی نمایشکردن و رادەربڕینی تێدا بمێنێت.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچیی ئەو گەنجانە رێگەیان پێنەدرا کە ئاڵای کوردستان هەڵبدەن و رایبوەشێنن؟ ئۆفیسەرەکان و بەرپرسانی ستادیۆمەکە بەڕاشکاویی پێیان گوتبوون، بەسەدان نەتەوەو مەزهەب و

ئەسنیکی جیاواز لەم ولاٌتەدا( ئوستralیا) دەژین، هەرکەسە ئازادە و چۆنی پێخۆشە لەهەرکوێیەکدا ئالاٌ هەڵبکات، بەلاٌم بەداخەوە، لە دڵیشەوە پێمان ناخۆشە کە لەولاٌتێکی دیمۆکراسییدا، نابێ ڕێگەتان بدەین کە ئالاٌکەتان هەڵبکەن، چونکە لە شوێنی بەرزی بڕیاربەدەستانەوە ، ئاگادارییمان بۆ هاتووە کە هەڵکردنی ئالاٌی کوردستان شانبەشانی ئالاٌی عێراق، ئاژاوەو شەڕو ناخۆشیی لێدەکەوێتەوە، هەلومەرجی عێراقیش ئاڵۆزتر دەکات و ئێمەش ئەرکی خۆمان بەجێدەگەیەنین و ڕێگە نادەین ئەو پێشبینییانە بێتە دی.

وەلاٌمەکەش ئەمەیە، حکومەتی عێراقیی زۆر بەوردیی و لێزانییەوە ئەم وردە گەمانە دەکات و زۆر بەمەبەستیشەوە دەست لە هەموو شتێک وەردەدات. ئەمە بێهێزیی دیپلۆماسیی و بێتوانایی وەزارەتی دەرەوەی عێراقە کە کورد بەڕێوەی دەبات، چونکە نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی عێراقیی نێو بەڕێوەبەرانی تۆپی پێی عێراق لەرێی کەناڵی خۆیانەوە دەزانن چۆن حکومەت بەکاربهێنن بۆ ئەجێنداکانی خۆیان و وەزارەتی دەرەوەش بخەنە پەراوێزەوە. دەستتان خۆش باڵوێزی تێکۆشەری عێراق لە ئوستralیا و بەڕێوەبەرانی تۆپی پێی عێراق و حکومەتە لەرزۆکەکەی عێراق، کە ئەگەر قاقمەی کورد نەبێ هیچی تر نییە لەنگەری بگرێ. دەستتان خۆش کە توانیتتان ئالاٌی پیرۆزی یەکێتیی عەرەب و ئەلاٌهوئەکبەرەکەی تێکۆشەر و موجاهید سەدام، لە ئاسمانی ئوستralیادا بشەکێننەوەو ئالاٌی کوردستانیش بڕەتێنن بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوو.

ڕەنگە سیاسییەکانی کورد و کاربەدەستانی گەندەڵستانی کوردستان بڵێن ئەمە کەی کێشەیەو کەی پرسە، تا مرۆڤ هەر بە بیریشیدا بێت. بەلاٌم ئەگەر بەم هەموو سیاسییە تێکۆشەرە و ئەم هەموو سۆکراتانەی کورد، دەسەلاٌتی باڵوێزێکی لاکەوتەی عێراقیان نەبێ، توخوا ناهەقمە بڵێم هەر خۆتان بەخۆتان بن ئەی باشترین و لێزانترین گەندەڵکارانی هەموو جیهان. ئەو هەموو پۆست و سامانە بێئەژمارەتان بۆچییە؟ کە نەکەرکوکتان بۆ دەگێڕدرێتەوەو نە پێشتان ڕەوا دەبینن لە ئوستralیاش، لە دوورترین کیشوەری دنیا ( بەگوێرەی کوردستان) ، ئالاٌی کوردستان هەڵبکرێ.

ئەرێ، سەرکردەکانی کورد، ئەی عاشقانی کورسیی و دەسەلاٌت و پارە، گەلی کورد ئەو هەموو قوربانییەی دا، بۆ یەکێتیی عێراقیی عەرەبیی و ئالاٌی پانعەرەبیزم و لێخۆشبوون لە ئەستێرەکانی سوپای عێراق و قارەمانەکانی ئەنفال بوو؟ ئەرێ ئەو هەموو گۆڵە چییە لێتان دەکرێ؟ لە ئوستralیاش گوڵتان لێدەکرێ، عێراق لە تۆپێندا بە ئوستralیای دۆڕاند و دوو گۆڵی مزریان خوارد ، بەلاٌم عێراق لە سیاسییەکانی کوردی بردەوە، گۆڵێکی مزری تریان خستە سەر ژمارەی گۆڵە مزرەکانی تر کە لە سیاسییەکانی کوردیان کردووە. ئەی دەستیان خۆش بێت باش پێتان فێربوونە! لە تۆپی پێشدا کلاٌوتان دەخرێتە سەر.